# دادگایی ڤان ئەنرات, ئاشکراکردنی کۆمەڵێ فاکتەر و ڕاستی

**شاخەوان شۆڕش**

وەکو ئاشکرایە لە دەیەی سێیەمی نۆڤەمبەری 2005 دا "ڤان ئەنرات" بازرگانی هۆڵەندی بەتۆمەتی بەشداری لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و گەلکوژی (ژەنۆساید) دژ بە خەڵکی کوردستان دراوەتە دادگا.
دادگایەکی هۆڵەندی هاولاتیەکی خۆی بە تاوانی بەشداری لە تاوانێکی ئەنتەرناسیونال دادگایی دەکات. وەزارەتی گشتی هۆلاند OM[1] دەیەوێ بیسەلمێنێت کە بازرگان ڤان ئەنرات زانیویەتی ماددە گەیەندراوەکان بۆ بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی بەکارهاتوون, بەمجۆرە زانیویەتی مەبەست کوشتنی بەکۆمەڵی مرۆڤە. دادگاکە بەردەوامە و هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

پێویستە بگوترێت ئێمە وەکو نەتەوەیەکی قوربانی و لەسایەی پۆلیتیکی ئێراقچیانەی یەکێتی و پارتی نەمانتوانی دادگایی تاوانبارانی گەلکوژی ئەنفال و تاوانکاریەکانی دیکە بگەیەنینە ئاستێکی نێونەتەوەیی و وابکەین لە دادگایەکی ئەنتەرناسیونالدا تاوانباران بدرێنە دادگا, بەمشێوەیە دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەن دادگایی تاوانی دەسەلاتدارانی گەلکوژی سەر بە نەتەوەی عارەبی داگیرکەر بەرامبەر بە گەلی ژێردەستەی کوردستان لە ئاستێکی جیهانیدا بکات. کە ئەوە نەکرا و دادگایەکە وەکو هەموو دۆزەکەی خەڵکی کوردستان کرایە ئێراقی و لەو چوارچێوەیە هێشترایەوە, ئەوە زیان بوو بە خەڵکی قوربانی کوردستان کەوت و بەمجۆرە زیان بوو بە دۆزی کورد بەگشتی کەوت.

چەندە گرنگ بوو لە ئاستێکی جیهانیدا تاوانکاریەکانی دژ بە کوردستان بە ڕاشکاوی و لە دادگایەکی بە توانادا لەقاودرابان. ئەوە جگەلەوەی یارمەتی سەرخستنی دۆزی کوردی دەدا و دۆزەکەی بەجیهانی دەکرد, دەیتوانی مێژوویەکی پاک لەو بارەیەوە بۆ خەڵکی کوردستان تۆمار بکات. دیارە سەبارەت بە بە ئێراقیکردنی دادگاکە دەسەلاتدارانی کورد (کە لەکاتی تەنگانەدا کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و خوێنی شەهیدان بنیشتەخۆشەی سەرزاریانە) هیچ هەڵوێستیان نەبوو, ئەوەش گومان لەوە پەیدا دەکات کە ئەوان لەڕاستیدا هەستیان بە گرنگی بەجیهانیکردنی دادگاکە کردبێت.
بەکورتی ئێمە وەک گەلێکی پلەدوو هێشترینەوە و کارەساتەکانیشمان لێ دابەشکرا, ئەوا نەتەوەی داگیرکەری عارەب مێژووی کارەساتەکانمان لەگەڵدا تۆمار دەکات.

ئەو دادگایە هۆڵەندیە وەکو دادگایەکی ئەورووپی خاوەنی کۆمەڵێ دادوەری خاوەن ئەزمونە و چاوەڕوانی کارێکی گونجاویان لێدەکرێت. ئەوە بە پێچەوانەی ئەو دادگا تایبەتە سەیرەیە کە لە ئێراقدا هەیە, ئەو دادگا ئێراقیەی هەرجارەی کۆمەڵێ پرسیار و گومانی نوێ لای خەڵک دروست دەکات. دادوەرەکان بە بڕوا بەخۆیێیەوە لە بابەتی تۆمەتبارکردنەکە دەکۆڵنەوە و ڕاگەیاندنیش بە وردی و ئاسانی بۆ خەڵکی ڕوون دەکاتەوە. خاڵە ناکۆکەکان, خاڵە ناڕوونەکان, گومانەکان, خاڵە پۆزەتیڤەکان, بەڵگەکان, مێژوو و ڕوودانی کارەساتەکە, دیتەر و کەسوکاری قوربانیان, مێژووی ژیانی کەسی تۆمەتبارکراو هتد. گرنگیان پێدەدرێت و ڕوون دەکرێنەوە. لە ماوەی دەستپێکردنی ئەو دادگاییکردنەدا کۆمەڵێ ڕاستی نوێ بۆ خەڵک ئاشکرا کرا و ڕوونکرایەوە. سەرچاوەیەکی گرنگی ماددەی کیمیاوی و چۆنیەتی گەیاندنی بە ئێراق ئاشکرا کرا. باشە ئەگەر ئەو کابرایە بمردبایە یا نەگیرابایە, یا هۆلاند گرنگی پێ نەدابایە, ئەو ڕاستی و زانیاریانەمان چۆن پێدەگەیشت؟ دادگای تایبەتی ئێراقی تەنها ئێراقیان دادگایی دەکات و تائێستاش نەزانراوە هیچ پەیوەندیەکیان بە دادگای هۆڵەندیەوە کردبێت, یا دادوەرێکیان بۆ دادگاکە ناردبێت. واپێدەچێت ئەو دادگایەی ئێراق ئەو کەسە بازرگانەی هێندە لا گرنگ نییە. لە دەسەلاتی کوردی هەر گەڕێ هەر مەپرسە

**به خۆیان و سەدان بەڵگەنامە شەوبەکێو لەبەردەم دادگای لاهای دەکەن!! ئای کارەساتەکانمان چەندە بێکەس و بێناز کەوتوون!**

**هۆڵەندیەکان بەهۆی ئەوەی کەسێکی هۆڵەندی گومانی تاوانکاری لێدەکرێت بۆیە بەو کارە هەڵدەستن, شانسمان هەیە ئەو بازرگانە تۆمەتبارکراوە هۆڵەندیە, ڕووس یا چینی نەبوو. شانسمان هەیە ئەوە هۆڵەندیەکان کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال لە چوارچێوەی کێشەی ڤان ئەنرات دا بە کۆمەڵگەی هۆڵەندی دەگەیەنن و خەڵکێکیش لە ئەوروپا و جیهان ئاگاداری دەبن.**

**شایانی گوتنە ئەوە جاری دووەمە (ئەویش بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوە مرۆڤایەتیە کوردستانیەکانی[2] دەرەوە) تاوانبارانی پەیوەستدار بە ژەنۆسایدی ئەنفال لە ئاستی وڵاتێکی ئەوروپادا دەدرێنە دادگا. یەکەمجار تاوانبار نەزار خەزرەجی لە دانیمارک و ئێستاش ڤان ئەنرات لە هۆڵاند.**

**چەند ڕەوایە لە دادگاکەدا دادگاییکردنەکە بە زمانی عارەبی و زمانی داگیرکەر بەڕێوە ناچێت, چەندە گرنگە لە دادگایەکی بێلایەندا ئاماژە بە کێشەی دوو نەتەوەی جودا دەکرێت و دەگوترێت دەسەڵاتی عارەبان کیمابارانی گەلی ژێردەستەی کوردستانیان کرد.**

**2005.11.30**

---

[1] ئەو کورتکراوەیە لەو وتارەی بەڕێز کامەران ئەحمەد وەگیراوە, بەپێی وتارێکی BBC دادگای تاوانکاریەکانی جەنگ لە های بەو دادگاییکردنە هەڵدەستێت. سەیری
**Iraq genocide trial for Dutchman,** 11/21/2005 BBC, Kurdishmedia.com بکە.

[2] لە دانیمارک ڕێکخراوی دادگایکردنی نەزار خەرزرەجی بە شێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە دادگاییەکەی نزار خەزرەجی ڕۆڵی دیاری لە دۆزەکەدا بینی, ئەوەی هۆڵاند ڕێکخراوی چاک ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە.